www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 28-10-2006 9:01

# هەڵەبجە دۆستی وەكو ئێوەی هەبێت دوژمنی ناوێت ... زەكەریا مەحمود

ئەگەر گوزەرێكی خێرا بە ناو مێژووی خەبات و قوربانیدانی گەلی كوردا بكەین ئەوا لە هەموو لاپەرەكانیدا ناوی هەڵبجە نمایانەو و بەر چاو دەكەوێت. هەڵبجە بە درێژایی مێژووی بزافی ئازادیخوازی كوردی هەمیشە لە تەزحیەداندا بوە تەنانەت لە كاتی ئارامی و ئاشتیدا. ناساندنی گەلێك بە دونیا بچوكترین دیاری خەڵكی شارێك بوو بە نەتەوەیەكی زوڵملێكراو. وەك وتمان، تەنانەت ئێستاش لە سایەی ئازادی و دیموكراسی لە لایەن دۆستەكانیە هەر زوڵمی لێئەكرێت و بە بیانوی جیا جیا نەیانویستووە مافەكانیان بدەنێو و هەمیشە ئەو شارەیان بە لانكەی ئوپۆزۆسیون زانیوە و بەرامبەر بە گەنجەكانی كە گەنجانێكی وورد بین و رەخنەگر و یەكسانخوازبوون هەڵوێستی نا دروستیان وەرگرتووە. لە لایەكی ترەوە سەرەرای سیاسەتی چەواشەی كوردی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە رامبەر بە هەڵبجە هەڵوێستی دەمارگیریانەی هەندێك لە لێپسراوە حكومی و حزبیەكان چ عەلمانی و چ ئیسلامی بە ئاشكرا بە رامبەر بەم شارە دیارە.

رێز نەگرتن لە داواكاری رەوای خەڵكی ئەم شارە و گوێنەگرتن بۆیان بە درێژایی مێژوو بوەتە هۆی بەرهەڵستكاری لە نێوان دەسەڵات و خەڵكی ئەو شارە، یادی كارەساتی هەڵەبجەدای ئەم ساڵ نمونەیەكی روونی ئەو هەڵوێستانەی خەڵكی ئەم شارەن. بە داخە ئەمرۆ ئێمە خاوەنی دەسەڵاتێكی روو پێست ئەستورین كە هیچ كات خۆی بە تاوانبار نازانێت بە رامبەر بە هەڵەكانی لە بەرێوەبردنی ئیداریدا، بۆ نمونە ئەم دەسەڵاتە پێست روو ئەستورە هیچكات خۆی بە هەڵە نەزانی و داوای لێبوردنی لەو جەماوەرە نەكرد كە دەستدرێژی كردە سەریان و داوای لێبوردنی لێنەكردن نە لە خەڵكی هەڵبجە بەرامبەر بەو هەڵوێستە نا مەدەنیانەی هێزەكانی ئاسایش لە رووبەروبونەوەی گەنجانی هەڵبجە لە ساڵیادی كارەساتی هەڵەبجەی ئەمساڵدا و هەروەها لە خەڵكانی ناوچەكانی تری كوردستاندا. ئەمرۆ هەواڵی نۆژەنكردنەوەی منیۆمێتنی هەڵەبجە ئەبیسین و لە هەمانكاتدا مردنی بریندارەكانی كیمیابارانی هەڵەبجە. ئەگەر ویژدانێكی نیمچە ئاگا سەرنج بداتە ئەم دوو هەواڵە بێشك پرسیاری لا دروست دەبێت بۆچی دوای نزیك لە نۆزدە ساڵ ئیستا بریندارەكانی ئەو كارەساتە چەند رۆژێ پێش لە مردنیان و بگرە لە سەر ئەركی خۆیان روو وڵاتی ئێران دەكەن بۆ چارەسەر بەڵام بە داخە ئازارەكانی ئەم نۆزدە ساڵە دەبەن گۆرەكانیان. بەڵی بە ملیۆنەها دۆلار سەرف دەكەن بۆ دروست كردن و نۆژەنكردنوەی بینایەك كە ببێتە دیواخانی پێشوازیكرد لە كاتێكدا بریندارەكانی كارەساتەكە هەموو رۆژێكیان مردنێكە دیسان تا دێت رووردێژ دەبن بە رامبەر بەو بەرێوەبدنە یەكسانەی كە دەیكەن لە كوردستاندا و شەو رۆژ بە كورد و عەرەبەكانی دەفرۆشنەوە و ئەیانەوێت بیكەن نموونەیەكی دیمۆكراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا و وڵاتانی دراوسێ چاو لەم دیموكراسیە بكەن. ئەوەی منی وورژاند هەواڵی تەجمید كردنی كۆمەڵەی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن دادگاوە بە تۆمەتی شەرعی نەبوونی هەڵبژاردنەكانی ساڵی پاری رێكخراو. كەسێك نیە لەو دادوەرە بەرێزە بپرسێت شەرعی بوون لە هەڵبژاردندا واتە تەقە كردن لە خەڵكی وەدەنی و بریندار كردن و كوشتنیان یان تەهدید كردنیان یان تۆمار كردنی 630 سكاڵا شەرعیە. كەسێك تا ئێستا نە هاتووە بە راشكاوانە گوێ لە قوربانیانە بگرێت ساتێك لە گەڵ ئازارەكانی بریندارەكانی ئەم كۆمەڵیە بگرێت. لە كاتێك دا كۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە بە دەست كێشكانی گیرۆدە بوە بینیمان وەزیری مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفاڵ چ یارمەتیەكی پر بایەخی پێشكەش كردن. ئەمە چ دەردێكە كە ئێمە توشی بوین لە باتی داوای لێبوردن پاساو بۆ كارە هەڵە كانمان دەهێنینەوە. كاتێك كۆمەڵەی قوربانیانی كیمیابارانی هەڵەبجە

ئامادەیەو ئەتوانێت بە کاسێتی ڤیدیۆیی تۆمارکراو بیسەلمێنێك کە وەزیری ناوبرا و قسەی بەرامبەر بە شەهیدانی کیمیاباران کردووە، بۆ نایەت گوێی لە هەڵکەی خۆی بکات و لە باتی داوای لێبوردن هەڵوێست وەرنەگرێ و لە دادگا بە تۆمەتی تەشهیر سکاڵایان لە سەر تۆمار نەکات. شەهیدانی هەڵبجە ناسنامەی گەلێکن و گەلێك شانازیان پێوە دەکات بۆیە هیچ کەس و لایەنێك ناتوانن بە قسەو هەڵوێستی نابەجی رووبەرووی کەسوکارو و بریندارەکانی ئەو کارە ساتە بێتەوە.

لوند\ سوید
ژ. ت 0044739317658
zakaryamahmood@yahoo. com